***Kongra Netewiya Kurdistan***
*Kurdistan National Congress*
***Congrès National du Kurdistan***
KNK

***Rue Jean Stas 41 1060 Bruxelles tel: 00 32 2 647 30 84 fax: 00 32 2 647 68 49***
***Homepage:*** www.kongrakurdistan.com ***e-mail:*** knk@kongrakurdistan.com

# راگەیاندنی بیروی ڕۆژهەلاتی کونگرەی نەتەوەیی کوردستان سەبارەت بە بەردەوام بوونی پروسەی ئیعدام و هەرەشەی لە سیدارەدان لە سەر تیکوشەرانی سیاسی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان

گەلی خەباتگیری کورد
ریکخراوە سیاسیەکانی کوردستان
رووناکبیران
ریکخراوە مەدەنیەکانی مافی مروڤ لە هەموو جیهان

هەر وەک ئاگادارن لە سیدارەدان و بە ئیعدام مەحکووم‌کردنی تیکوشەرانی سیاسی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە لایان دادگاکانی رژیمی ئیسلامی ئیران‌وە شیوەیەکی پروسەیی و سیستیماتیکی بە خویەوە گرتووە. دوایین ئاگادارییەکان ئاماژە بە لە ناوبردنی خەباتگیری کورد فەرەهمەندی سادق وەزیری (سەعید)، ئەندامی پیشووی کومەلە دەکەن کە لە روژی ۲۰۰۳ /۸/۷ لە زیندانی شاری سەلماس بە دەستی پاسدارنی رژیم کوژراوە. هەر ئیستاش بەریز ئیسماعیلی موحەمدی خەلکی شاری بوکان بە تاوانی هاوکاری لە گەل کومەلە لە لایان دادگاکانی رژیمەوە سزای لە سیدارەدانی بە سەر دا داسەپاوە کە ئیمە پیشتر وەک بیروی ڕۆژهەلاتی کونگرەی نەتەوەیی کوردستان لە راگەیاندنی ۲۰۰۳/۷/۱۰ ی خومان‌دا جگە لە داخوازی هەرچی زووتری هەلوەشانەوەی ئەو بریارە نامروڤایەنە، داوا لە هەموو ریکخراوە سیاسی، کومەلایەتی، کولتوری و مروڤایەتی و هەروەها سەرجەمی رووناکبیرانی کورد و غەیرەکورد دەکەین کە بو پووچەل کردنەوەی ئەو حوکمە بکەونە چالاکی و تیکوشان.

پیویستە لیرەدا ئەوەش وە بیر بینینەوە کە کوماری ئیسلامی ئیران پیشتر هەمزەی قادری ئەندامی حیزبی دیموکراتی‌کوردستانی ئیرانی لە ریکەوتی ۲۰۰۲/۱۰/٦ لە شاری سەردەشت، ساسانی ئالی کەنعان هەلسووراوی ریکخراوی‌کومەلەی لە روژی ۲۰۰۳/۲/۱۹ لە شاری سنە و موحەمەدی گولابی (کومەلە) لە ۲۰۰۳/۳/۲ لە شاری سەقز لە سیدارە دابوو.

هەر ئیستاش کە ئیمە ئەو راگەیاندنە دەنووسین بەریزان موحەمدی ئیسماعیل‌پوور ناسراو بە موحەمد شارویرانی، عومەری فەقی‌پوور و خالیدی فەرەیدوونی بە تاوانی ئەندامیتی لە و هاوکاری لە گەل حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە گرتووخانەی شاری مەهاباد دا چاوەریی بەریوەچوونی بریاری ئیعدام دەکەن کە پیشتر لە سەریان دەرچووە.

بە بوچوونی ئیمە ئەو رەفتارە ئانتی-کوردانەی رژیمی ئیسلامی ئیران پەیوەندی راستەوخوی هەیە بەو گورانکارییانەی کە ڕۆژهەلاتی ناوەراستی بەرەورووی خوی کردوتەوە. گورانکارییەک کە راستەوخو مروڤی سەردەمی ئەو بەشەی جیهانی دەخاتە بەر دەمی دوو واقعییەت یان دوو بژار: یان مانەوە لە ناو سیستەمی سیاسی، کومەلایەتی، کولتووری و ئابووری کون دا یان بەشداری کردنی لە پروسەی دەستەبەر کردنی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد و دیموکراتیزەکردنی کومەلگاکان؟ بی گومان گەلی کورد بو وەدەست‌هینانی مافە دیموکراتییەکانی خوی ریگای دووهەم هەلدەبژیری. ئەوەش لە کاتیک دایە کە رژیمەکان بە هەموو هیز و توانای خوایانەوە بو لە سەر پی‌راگرتن و هیشتنەوەی سیستەمی کون ئیسرار دەکەن کە ئەوەش بو ئەوان چارەنووسیکی زیاتر لە چارەنووسی سەدام حوسیەنی بە دوا دا نابە.

***Kongra Netewiya Kurdistan***
*Kurdistan National Congress*
***Congrès National du Kurdistan***

KNK

***Rue Jean Stas 41 1060 Bruxelles tel: 00 32 2 647 30 84 fax: 00 32 2 647 68 49***
***Homepage:*** www.kongrakurdistan.com ***e-mail:*** knk@kongrakurdistan.com

بیروی رۆژهەلاتی کونگرەی نەتەوەیی بو پووچەل کردنەوەی ئەو بریارانە و هەر وەها کوتایی هینان بەو رەوتە کومەلیک چالاکی ئەنجام داوە. بو نموونە، لە ریکەوتی ٦/٦/ ٢٠٠٣ لە بانگاوازیکدا کە ئاراستەی کومەلگای نەتەوەیی و ریکخراوەکانی مروڤدوستانەمان کردووە داوای موداخیلەی هەرچیخیرا و راستەوخو لەو پەیوەندییەدا دەکا. کونفرانسی ئامیستردام کە لە لایان کونگرەی نەتەوەیی کوردستانەوە لە ژیر سەردیری (چارەسەری دوزی کورد لە هەل و مەرجی نویی رۆژهەلاتی ناوەراستدا) لە روژانی ٢٠ و ٢٠٠٣/٦/٢١ لە ولاتی هولەند بەسترا بریارنامەی تایبەتی لە سەر دوزی تیکوشەران موحەمەدی ئیسماعیلپوور، عومەری فەقیپوور و خالیدی فەرەیدوونی دەرکردووە. هەر وەها بیروی رۆژهەلاتی **KNK** لە روژی ٢٠٠٣/٦/٢٨ لە مەیدانی ناوەندی شاری ستوکهولم لە میتینگیکی جەماوەری دا بە ریگای پیشکیش‌کردنی وتار سرنجیلایانەکانی سویدیان بو ئەو دیاردە نائینسانیە راکیشاوە.

ئیمە پیمان وایە کە چالاکییەکانی ئیمە بە تەنیایی بە هیچ شیوەیەک ناتوانی ولامدەرەوەی ئاستی بەرز و بە هیزبوونی ئەو کردەوە نامروڤایانە و ئەو مەترسییانەیی کە بە دژی گەلی ئیمە لە رۆژهەلاتی کوردستان بەریوە دەچن. هەر بویەش هوشیاری ئیمەی کورد و وەگەر خستنی چالاکی بەردەوام و سیستیماتیک لە لایان هەموو ریکخراوە سیاسی، کولتووری و جەماوەرییەکان و هەر وەها رووناکبیران لە ئاستیکی جیهانیدا بە مەبەستی کوتایی هینان بە رەوتی ئیعدامی تیکوشەران ئەرکیکی ئینسانی، دیموکراتیک و نەتەوەییە کە بەلکوو ئەوەش ببیتە هەنگاویکی بە نرخ لە پیناو وەدەستهینانی مافە دیموکراتییەکانی گەلی ئیمە لە رۆژهەلاتی کوردستان.

کونگرەی نەتەوەیی کوردستان - بیروی رۆژهەلات
بروکسیل ١٩ ی ژووئیەی ٢٠٠٣